# خۆێندكارانی زانكۆی بەسرە
# و
# خۆێندكارانی زانكۆی سلێمانی!!

سیروان ئەمین
sirwanlatif@yahoo.co.uk

ماوەیەكە خۆێندكارانی زانكۆی سلێمانی و هەولێر دەستیان داوەتە نارەزایەتی دژ بە نەبوونی خزمەتگوزاری لـــــــە زانكۆكاندا وەک كارەبا و نەوت وە ئاو كە وەزعی خۆێندكارانی زۆر ناهەموار و سەخـــــتر كرد بەتایبەتی كە زستانی ئەمساڵ زۆر سارد بوو ، دواترین نارەزایەتەكانی خۆێندكارانی زانكۆی سلێمانی بەهۆی ئەوەوەیە كە دەسەڵاتدارانی سلێمانی دەیانەوێ زانكۆی ئەهلی بكەنەوە كە هەركـــەس دەرچوی ئامادەیش نەبێت دەتوانێ بچێتە زانكۆ بە بڕی سێ هەزار دۆلاری ساڵانە( بەپێی قسەی خۆێنكاران) وە ئەو خۆێنكارانەی كە لە هەولێرەوە هاتبون بۆ هاوكاری خۆێندكارانی زانكۆی سلیمانی كەوتنە بە ر شاڵاو تەقەی هێزەكانی ئاسایش و بە پێ ی هەواڵەكان پێنج خۆێندكار برین دار بوون .

لە هەمان كاتدا لە شاری بەسرە چەكدارە ئیسلامیەكان هێرشێكیان كردۆتە سەر زانكۆی بەسرەو شەش كەسیان بریندار كردووەو 30 كاسیان فراندوە ، هۆكارەكەشی ئەوەیە كە خۆێندكارانی كوڕ و كچ پێكەوە چونەتە گەشت و ئەمەش دژی دینی ئیسلامە و لە گەڵ سیاسەتی ئیسلامیەكاندا نایەتەوە هەردو ڕوداوەكەش لە سەرو بنی دروســـــــتكردنی حكومەت و پەرلەمانی تازەدا ڕویدا.

تەماشا كەن هێشتا پۆستەری پروپاگەندەكان و تەبلیغاتی هەڵبژاردن بە دار و دیوارو شۆێنە گشتیەكانەوەیە و نەكراوەتەوە.

هێشتا دەنگی بەڵێنی بەهەشتی دیموكراتیەكەیان لە گۆێماندا دەزرنگێتەوە كە دونیایان پێ كەڕ كردبوو وە شاخ و باڵیان لێ پەیدا كرد بوو كە چی لە یەكەم ڕۆژی دانیشـــــتنی پەرلەمانیاندا كەوتنە وێزەی خۆێندكارانی زانكۆ شەلم كۆێرم كەس نابوێرم وگەشت و نارەزایەتیەكانیان شەلاڵی خۆێن كرد.

ئیمە هەر زوو زانیمان كە دەسەڵاتیک لە ئیسلامی سیاسی و بزوتنەوی قەومی پێک بێت لە سەركوت و پێشێل كردنی مافەسەرەتایەكانی خەڵک بەولاوە هیچی تر ناكات . ئاخر مەملەكەتێ ئەو ئیسلامیانەی تێدابێت كەبەو شێوەیە دەستێوەردەنە كاروباری خەڵكەوە و لەسەر گەشت و گوزار خەڵک شەلاڵی خۆێن بكەن و بچنە سەر شاشەی تی ڤی و بڵێن ئێمە وامان كرد چونكە خۆێندكارانی زانكۆ لە ڕێگای ئیسلام لایان داوە ، ئاخر لە ژێر دەسەڵاتێكدا كە بیست و چوار سەعات گۆرانی بە باڵای دیموكراتیدا بڵێ و لەســـەر خۆپیشاندانێكی زۆر هێمنانە خەڵک گولەباران بكات دەبێ چەند دەربەستی خەڵك بـێت وچەند نۆێنەرایەتی داخوازیەكانیان بكات؟؟!!

یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان داوایان لە خەڵک کرد کە دەنگ بدەنە ئەوان تا لەبەغدا دەنگی کورد زۆر بێت تا ئەوان کورسی زیاتریان بەرکەوێ بەڵام ئەگەر خەڵک لە سلێمانی و هەولێر لە کۆلیج وخوێندنگاکاندا بدرێنە بە دەسڕێژی گوللە وەک ئەوە کە ئێستا دەکرێت ئیتر دەنگ بۆ چی باشە یان دەبێ دەنگ لە مەفهومی ئەواندا چی شتێکی ترەو دەبێ چی کەڵکی خەڵک بگرێ ، ئیتر دەبی کورسی بەغدا چی مانایەکی هەبێت بۆ خوێندکارێک و کرێکارێکی کوردستان .

ئایا ئەمە ئەو ئایندەیەیە کە شاشەی تەلێفیزۆنیەکانیان پێ دەڕازاندەوە و ئیحساساتی خەڵکیان پی دەورژاند؟؟

تەقەکردن لە خوێندکاران تەقەکردنە لە مەدەنیەیەت و لەخەڵک لە ئازادی و ڕوناکی و مەحکومە . دەسەڵات داران دەیانەوێ لێرەوە مژدەو نۆبەرەی دەسەڵاتەکەیان بەخەڵک پیشان بدەن و ڕایگەیەنن کە ئەگەر هەرکەسێ بە هەڵە تێگەیەشتوە با هوشـــــدار بێتەوەو بەڵێنەکانی کاتی هەڵبژاردنیش هەر قەوانەکۆنەکەیە و چەند جاران لێ دراوەتەوە.

18.03.2005